# ئەو مەسولانەی خزمەتم دەکردن

نووسەر یان دانەری بابەت رزگار کۆچەر

Saturday, 26 April 2008



سەرتاپای خانوەکەی پر بوو لە زبل و پیسی... بۆنی ئەو ماڵە تەواوی دراوەسێکانی هەرەسان کردبوو بۆیە زۆربەیان داوایان لە شارەوانی دەکرد بە فریای گەرەکەیان بێت تا ئاورێك لەماڵەکەی پورە عیشی بداتەوە، وەك خۆی دەی گوت لە پاش شەهید بوونی براکەی لەشەری ناوخۆ وای بەسەر هاتووە، پورە عیشی خۆی نەی دەزانی لەچ سالێك لە دایك بووە وە نەشی دەزانی چۆن پاش شالاوی بەعسیەکان لەناوچەکەیان لەگەل هاوسەرکەی لە هەولێر نێشتە جی بووە، پورە عیشی پاش ئەوەی چەند سالێك پێش ئێستا هاوسەرەکەی بە هۆی نەخۆشی گیان لەدەست دەدات هەر تەنها خۆی لە نێو ژورە تاریکەکانی ئەو خانووە لە ژیانێکی پر لە مەیەنەت و ناخۆشی دەژیت،

کاتێك مرۆڤ بیەوێت لە دەرگا کۆنەکەی ماڵی پورە عیشی بچَیتە ژورەوە ناچار دەبێت لەبەر بۆن پیسیو ناخۆشی دەست بە لوت ودەمی خۆی بگرێت بۆیە یەکی لە دراوسێکانی پورە عیشی دەلێت ئەو ژنە هەم ئێمەشی توشی گرفت کردووە هەم خۆشی چونکە رۆژانە هەرچی زبل و کۆنە کاغەز وپەرۆ هەیە کۆیان دەکاتەوە و لەسەر یەکیان دادەنێت جا ئەو دراوسێیەی پورە عەیشی بەسەر سورمانەوە دەلێت ئێمە نازانین ئەو ژنە چۆن لە نێو ئەو زبڵدان و بۆن ناخۆشە دەژێت چونکە هەر هەموو نەخۆشیە لەم بارەوە پورە عیشی دەڵێت راستە من زبل و کۆنەکان کۆدەکەمەوە بەڵام دراوسێکانیشم لە جیات ئەوەی زبل و پیسایەکان لە زبڵدان فرێبدەن ئەوا لەبەر چاوانی خۆم ئەو هەموو پیسایە دەخەنە ماڵەکەم و مالە زبڵدانەکەی من گەورە تر دەکەن، پاشان پورە عیشی باس لەو رۆژانە دەکات کە لەگەل خانەوادەکەی ماڵیان لە دۆڵی بالسان بووە و گوندەکەشیان شوێنی شۆرش و پێشمەرگایەتی بووە بۆیە پورە عەیشی بە ئاخ هەڵکێشانەوە دەلێت باورناکەم کەس هەبێت بەقەدەر ئَیمە نانی دابێتە پێشمەرگە کەچی ئێستا وا دەم بینین دەبێت بۆ ژەمێك نان خواردن لەو دەرگاو لەم دەرگا بدەم، پاشان پورە عیشی دەست بۆ سینگی دەبات و دەلێت خودایە ئەو پێشمەرگەیەی لەماڵی ئێمە نانی خوارد و شەهید بوو خوایە لە گوناهەکانی خۆش بێت و بیبەیتە بەهشتی پان و بەرین ئەگەر گوناهی هەبێ تو شەهیدیش نەبووە ئێستا بۆتە بەرپرس و ئاگای لەو ماَلانە ناماوە کە جاران لە دەمی خۆیان دەگرتەوە تا ئەوان بەگەن بە رۆژێکی وەك ئیمرۆ خوایە ئەو نانەیان لی بەقوزەلقورت کەیت و خۆشی لێنەبینن چونکە هیچیان بۆ خەڵکی هەژاری وەك ئێمە نەکرد، سەبارەت بەو هۆکارەی کە وای کردووە ئەم پیرەژنە هەوەسی کۆکردنەوەی زبل و پیسایی بێت پورە عیشی دەڵێت من دوو برام لەسەر کوردایەتی شەهید بوو پاشان هاوسەرەکەشم کە هیچ مندالمَان نەبوو ئەویش هاتە سەری و بەنەخۆشی گیانی لە دەست دا بۆیە ناچار بووم رۆژانە لە جیات بیرکردنەوە و گریان دەست بکەم بە گەران و سوران لەسەر زبڵخانەکان تا خەم و ناخۆشی دڵی خۆم بە کۆکردنەوەی ئەو کۆنە پەرۆ وکاغەزانە بدەمەوە تا وای لێهات بە ماوەیەکی کەم ماڵەکەم بە هەردوو ژورەوەشی نوقمی زبڵدان بوو کە ئێستا وەك دەبین لەبەر زبل و پیسایی قوژبنێك نیە تێیدا ساتێك بە ئارامی چاو بەیەك بنێمەوە، پورە عەیشی کاتێك قسەی بۆ دەکردین بە ئەستەم دەمان توانی گوێمان لە قسەکانی بێت ئەو بۆیە جار ناجارێك دەمی دەهێنا بەر گوێچکەم و دەی گوت لەسەر ئەم هەموو خەمە خەمی مندالآنی گەرەکیش تەواو نابێت کە رۆژانە لەدوای زبڵ فرێدان بۆماڵەکەم گاڵتەشم پێدەکەن پورە عیشی کە باسی ماڵەکەی خۆی دەکات زۆر بە نیگەرانی لاپەرەکانی رابردوو هەڵدەداتەوە دەلێت باورکە جاران رۆژانە دەیەها پێشمەرگە روویان لەماڵەکەی ئێمە دەکرد لە بالیسان ئەوەی هەشمان بوایە ئەوا لەگەل ئەوان بەشمان دەکرد و بەیکەوە دەمان خوارد کەچی ئێستا زۆر لەو پێشمەرگانە بونەتە بەرپرس و مەسئول و ئێمەمانانیان بیر نەماوە و کەسیان ئێستا ئامادەنین ئاورێك لە رابردووی خۆیان بدەنەوە و تۆز قالێك چاکەوە پیاوەتی ئەو گوند نشین ولادی نشینانە بدەنەوە کە جاران پێشمەرگە لایان گەورەتەرین ناو بوو، لەگەل ئەوەی مندالآنی گەرەك رۆژانە ئازاری پورە عەیشی دەدەن بەڵام بەبردەوام کە پورە عیشی لە نَیو زبڵدانی ماڵەکەی دَیتە دەرَی چەن منداڵێك لە چوار دەوری کۆدەبنەوە گوی لە قسەکانی پورە عیشی دەگرن، چرۆ ئەو کچە تەمەن 7 سالیەیە کە ماڵەکەی کەوتۆتە نزیك ماڵی پورە عیشی َچرۆ کە ئێمە قسەمان لەگەل پورە عیشی دەکرد چەند جارێك بە پورە عیشێ دەوت داپیرە ئەو پارەیەت نەدۆزیەوە کە لێت دزرا بوو؟؟؟ لەپاشان پورە ..پورە عەیشێش بە تورەیەوە دەی گوات کیژم ئەورۆ نیە من پارەم لێدەدزرێت با ئەوەش بۆ ئەوان بێ عیشی دەستێکی بەرز کردوو گوتی

ئەوانەی جاران من نانم بۆ دروست کردوون و نانم پێداون دەبێت قێز لە من و ماڵەکەم نەکەنەوە ئەگەر بۆ دەقیقەیەك بەڵام تێپەرن؟؟؟؟

ئێمە لە سایتی پیرانشارەوە هەرچەند بە پەرۆشین بۆ ژیانی عیشی خان بەڵام خۆشحالین کە نەیان کوشتوە، چونکە لە پیرانشار کە خەلک چاکەیەکی زۆریان لە گەل کردن، دەیانووت ، هەر کەس خزمەتمان بکات بە کوشتن جوابی چاکەی دەدەینەوە، دیارە بە حەق قسەی خۆشیان گەیاندە سەر. جا تا ئێستا پوور عیشی قوور بەسەر تا ئێستا جوابی چاکەی وەرنەگتۆتەوە خەتای ئەو برادەرانە نیە، فەقیرانە کوا لە بەر دزی